لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمان داوایەک لە وەزارەتی دەرەوە دەکات سەبارەت بە ڕەکارەکانی کۆتاییهێنان بە کارەکانی یەنامی



لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمان داوای لە وەزارەتی دەرەوە کرد دەست بە ڕەکارەکانی کۆتاییهێنان بە کارەکانی نوێنەرایەتی نێوان یەکگرتوەکان لە عێراق بکات.

جێگری سەرکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "داوا لە وەزارەتی دەرەوە دەکەین دەست بەڕەکارەکانی کۆتاییهێنان بە کارەکانی نوێنەرایەتی نێوان یەکگرتوەکان لە عێراق بکات، ئەوش هاوتەریب لەگەڵ ڕەنمایەکانی حکومەتی عێراق.

بەگوێرەی نوسراوێك كەو واژەی محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی لەسەرەو و ئاماستەی ئەنتنیو گتێرێس، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کراوە، داوای کۆتاییهێنان بەبەئەرکی نەتەوە یەکگرتوەکانی لە عێراق کردوە و ئەوەشی خستوەتەڕو، عێراق چیتر پێویستی بەئەرکی نەتەوە یەکگرتوەکان نییە، داوای تەواوکردنی کارەکانی دەکات لە کۆتایی ساڵی 2025دا.

لەگەڵ نامەکەدا هاتوە کە حکومەتی عێراق خواستی بەرزکردنەوەی ئاستی هاریکاری هەیە لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئاژانسەکانی، وەك هاوبەشی بنەڕەتی لە هێنانەکایەی بوژاندنەوە و سەرکەوتن بەسەر ئاڵنگاریيە ئابوری و ژینگەییەکان لە عێراق و ناوچەکەدا و داواشیکردوە، لە ساڵی 2025 یەنامی کار لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی پەیوەندار بە داخستنێکی "بەرپرسانە" بکرێت.

لە بەیاننامەکەدا هاتوە، حکومەتی عێراق ئامادەیە شاندێك بنێرێت بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان بەمەبەستی ڕێککەوتن لەبارەی میکانیزمی داخستنی یەنامی، هیواداریشین، "ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیارێك دەربکات بۆ دیاریکردنی وادەیەك بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرکەکانی یەنامی لە عێراق".